## حەسەن ڕەحمان پەنا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە:

# گەورەترین گرفتی بزووتنەوەی کرێکاریی نەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆییە

دیدار: جوامێر مارابی

ئاهەنگی یەکی ئایاری ئەمساڵ لە شارەکانی ئێران کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، چەندین کەس بریندار بوون و کۆمەڵێك کەس زیندانی کرانو ئازاد نەکراوون. حەسەن ڕەحمان پەنا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە تیشك دەخاتە سەر ئەو ڕووداوانە.

*** ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە ئێران و کوردستان چۆن بەڕێوە چوو؟ جیاوازی لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو چی بوو؟**

– بەهۆی خەباتی چەندین ساڵەی چینی کرێکار لە ئێران، ڕۆژی جیهانی کرێکاریان بەسەر کۆماری ئیسلامی دا سەپاندووە، بەڵام ئەم ڕۆژە بە شێوەیەکی ڕەسمی کە لە زۆر جێگای دنیا ئیدارە و دامەزراوە دەوڵەتییەکان دادەخەن، هێشتا لە ئێران وای لێنەهاتووە.

کۆماری ئیسلامی سەرەتا زۆر هەوڵیدا ئەم ڕۆژ بە ڕەسمی نەناسێنێت، بەڵام کە بەسەریاندا سەپاند ئێستا هەوڵدەدەن لە چوارچێوەی دامەزراوە دەوڵەتییەکان وەکو: شورای ئیسلامی کار و خانەی کارگەر بەڕێوە بچێت، بەڵام کرێکاران هیچ کات تەسلیمی ئەم ویستەی کۆماری ئیسلامی نەبوون. ئەمساڵ لە تاران و شارە گەورەکانو شارەکانی کوردستانیش هەوڵ درا بۆ بەڕێوەچوونی ئەم ڕۆژە مۆڵەت وەربگیردرێ، بەڵام لە هیچ جێگایەک مۆڵەتیان نەداوە.

کۆمیتەی هەماهەنگی کە دامەزراوەیەکی کرێکارییەو ژمارەیەکی زۆر ئەندامی هەیە هەوڵیاندا ئاهەنگی سەربەخۆ بەڕێوەبەرن، بەڵام ئیجازەیان پێی نەدان و هەروەها ئیجازە بە کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتوبوسڕانی نەدرا، لە شاری سنە کۆمیتەیەکی ٥٢ کەسی پێکهاتو بە ناوی خۆیانەوە بانگەوازێکییان بڵاوکردەوە کە بەشێک لەمانە لە تێکۆشەرانی کۆمیتەی هەماهەنگی لە ڕۆژئاوای ئێرانن، لە شارەکانی تری کوردستانیش هەوڵ درا، بەڵام ئیجازەیان بەوانیش نەدا .

کۆماری ئیسلامی پێش دەستپێکردنی ئاهەنگەکان بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی ئەمساڵ چەند کارێکی کردبوو، دوو هەفتە پێش ئەم ئاهەنگە مەحمودی ساڵحی کە هەڵسووڕاوێکی ناسراوی کرێکارییە لە ئێران و جیهان، زیندانی کرا کە کارێکی ئاگاهانە بوو، چونکە ناوبراو کەسێکی هەڵسووڕاو و خۆشەویستەو لە بەڕێوەبردنی ئەم ئاهەنگانە ڕۆڵی سەرەکی هەیە . ساڵی پار مەحمود ساڵحی و دوستانی سەرەڕای ئەوەی حوکمی زیندانیان هەبوو، بەڵام ئاهەنگی یەکی ئایاریان بەڕێوەبرد .

ئەمساڵ هەر لە سەرەتاوە بەڕێوەبەران و بەشداربووان کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی ڕژێم. لە شاری سەقز کە بەهۆی بوونی کەسایەتی ناسراوی بزووتنەوەی کرێکاری لەو شارە لە نەبوونی مەحمودی ساڵحیشدا ڕژێم لێی نیگەران بوو، کرێکاران هەوڵیاندا ئاهەنگ بەرپا بکەن، ئێوارەی ئەو ڕۆژە سەدان کەس لە مەیدانی هەڵۆی ئەو شارە کۆدەبنەوە، لەو لاشەوە چەندین بەرامبەر ئەوان، هێزەکانی ڕژێم کۆدەبنەوەو تا ناهێڵن ئاهەنگ بەڕێوەبەرن.

کرێکاران ناچار دەبن تەنیا بە بڵاوکردنەوەوی شیرینی و داخوازی ئازادی مەحمودی ساڵحی درێژە بە ئاهەنگەکەیان بدەن. لەشاری سنە لە بەردەم ئیدارەی کاردا جەماوەرێکی زۆر کۆدەبنەوە هەر کە دەست بە کۆبوونەوە دەکەن هێزەکانی ڕژێم پەلاماریان دەدەنو بێهزاد سۆهرابی کە خەریکی وتار خوێندنەوە بوو بریندار دەبێ و ژمارەیەکی زۆریش دەستگیردەکەن. لە کرماشان و مەریوانیش هەروا بووە. بە کورتی ئەگەر بڵێم ئەمساڵ هەوڵ و کارکردن بۆ بەڕێوەبردنی یەکی ئایار لە ساڵەکانی پێشووتر زیاتر بووە، لە بەرامبەریشدا ڕژێم ئاگاداری وەزعەکە بووەو بە هەموو توانایانەوە هەوڵیانداوە نەهێڵن ئەم ئاهەنگە بەڕێوەبچێت.

*** هیچ هەماهەنگییەک هەبوو لەنێوان کرێکارانی شارە جۆراوجۆرەکان بۆ دەرکردنی بڕیارنامەیەکی هاوبەش بۆ داخوازییەکانیان؟**

– بەڵێ، بڕیارنامەی هاوبەش هەبووە. کۆمیتەی هەماهەنگی و کۆمیتەی بەدواداچوون (پیگری)، شورای ڕێکخراوە کرێکارییەکان هەیان بووە. لە کوردستان ئەو بڕیارنامە کە کرێکارانی شاری سنە داڕێژەری بوون نێردراوە بۆ شارەکانی دیکەو لەسەر سایتە ئینتەرنێتییەکان و ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکراوەتەوەو کۆمەڵێک داخوازی کرێکارانی تێدا باس کراوە. دوو شتی تێدا بەرجەستە بووە: یەکێکیان ئازادی فەوری مەحمودی ساڵحی وەکو ڕێکخەری سەرەکی ئاهەنگی یەکی ئایارە، دووهەم نیگەرانی لە شەڕخوازی و گەمارۆی ئابووریی‌و باسی ئەوە کراوە کە دووکەڵی شەڕی ئەمریکا و ئێران دەچێتە چاوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵێک ویست و خواستی تر، وە بڵاوکردنەوەو دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاران کە لەمێژ ساڵە کاری بۆ دەکرێ و کۆمیتە جۆراوجۆرەکان و شورای هاوکاری ڕێکخراوە کرێکارییەکانیش درێژەی ئەم هەوڵانەیە .

*** لە ناوەندە کرێکارییەکان، لە کارخانەو کارگەکان پێشوازی لەم ڕۆژە چۆن بووە؟**

–ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕۆژەی بەڕەسمی ناسیوە، بەڵام کارمەند و کرێکاران نابێ کارەکانییان ڕابگرن و دەبێ کار بکەن. کرێکاران لە ناوەندە کرێکارییەکان بە شێوازی خۆیان واتە شیرینی بڵاوکردنەوەو کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر پێشوازی لەم ڕۆژە دەکەن. بەشێکی زۆر لە کرێکارانیش لەو کۆبوونەوانە کە لە شارەکان بەڕێوەچووە بەشدارییان کردووە، بەڵام ئەگەر کرێکاران لەهەر یەکێک لە ناوەندە کرێکارییەکان بیانەوێ بڕیارنامەو کۆبوونەوەی تایبەت ساز بکەن لەلایەن چاودێری شوێنەکان و خاوەن کارانەوە ئیجازەیان پێنادرێ.

*** بزووتنەوەی کرێکاریی لەئێران لە چ ئاستێکدایە؟**

–بۆ ناسینی ئاستی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران دەبێ چاوێک لە ڕابردوو بکەین. بزوتنەوەی کرێکاریی ئێران لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا دەژی. لە ساڵی ١٣٥٨ هەتاویدا شکۆدارترین ئاهەنگی یەکی ئایار بەڕێوەچووە، بەڵام دوای ئەوە ئێمە شاهیدی دەورەیەکی دوورودرێژی سەرکوتین. تا دەگەینە ئەوەڵی ئایارەکانی سنە کە بوژانەوەیەک دروست دەبێت و دامەزراوەیەک دروست دەبێ بەناوی یەکێتی سەنعەتگەران. دوای ساڵی ١٣٦٨ هەتاوی کە جەماڵی چراغ ویسی دەستگیردەکرێ پاش چەند مانگ زیندان ئیعدام دەکرێ. دیسان فەزای خەفەخان زاڵ دەبێت. تا ناوەراستی دەیەی ١٣٧٠ هەتاوی کە ئاهەنگی مانگی مەی بە شێوەی جۆراوجۆر لە شاخەکان و لە کەناری چۆم و ڕووبارەکان و لەناو کۆڕ و کۆمەڵی تایبەتی و بنەماڵەدا بەڕێوە دەچێت.

شەڕی ئێران و عیراق سەختترین سەردەم بووە بۆ چینی کرێکاری ئێران، لە دوای شەڕ سەردەمی بە ناو ئاوەدانی دەست پێدەکا کە دیسان زەختەکانی دەکەوێتە سەر کرێکاران. لە زیاتر لە ٢٦ ساڵ لەوە پێشەوە کێشە لەسەر یاسای کارو مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران درێژەی هەیە، بۆیە چینی کرێکاری ئێران ڕەوتێکی ئاسایی لە ژیان و خەباتی خۆیدا تێپەڕنەکردووە. بەردەوام لە ژێر زەخت و سەرکوتدا بووە، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوە.

ئەم ساڵانەی دوایی بەشێوەیەکی تایبەتی لە ئەوەڵی مانگی مەی ١٣٨٣هەتاوی شاری سەقزەوە دەست پێدەکا. لێرەوە خەباتی کرێکاران دەنگدانەوەیەکی جیهانی پەیدا دەکا. دوای ڕووداوی سەقز، نارەزایەتی کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئۆتوبوسڕانی تارانمان هەیە کە ١٧ هەزار کرێکار تێیدا کاردەکەنو شادەماری هاتوچووی شاری تاران لە دەستی ئەواندایە. ئەو کرێکارانە سەندیکاکەیان کە لە سەردەمی شا دا دروستیانکردبوو و کۆماری ئیسلامی پێیداخستبوون، ڕێکخستەوە کە ئێستا ٧ هەزار ئەندامی هەیە.

سەرەڕای هەموو زەختێک بۆ سەریان لەوانە بریندارکردنی زمانی مەنسووری ئوسانلو بەرپرسی ئەو سەندیکایەیە بە چەقو کە گوایە «زماندرێژی کردووە»، هەر کۆڵییان نەدا. ئەگەر لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی بەدواوە چاوی لێبکەین بە باوەڕی من ئاڵوگۆڕی جیدی لە بزووتنەوەی کرێکاری ئێراندا دروستبووە. لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا بینیمان سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییە گەورەکانی دنیا نارەزایەتی گەورەیان بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دەربڕی، لە درێژەی پشتیوانی کردن لە کرێکارانی ئێران ڕێکخراوی جیهانی کار ڕۆژێکییان بەناوی ڕۆژی جیهانی پشتیوانی لە بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران (١٥فوریە) دیاری کرد. بە کورتی بزووتنەوەی کرێکاری گەشەی باشی کردووەو چەند هەنگاو هاتۆتە پێشەوە، بەڵام هێشتا لە حاڵەتی بەرگری دایە، بەرگرییەکی چالاک. بەرامبەر بە پێشێلکردنی مافەکانی نارەزایەتی دەردەبڕێ‌و پشتیوانی دەرەوەشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

مەحمودی ساڵحی کە دەستگیر دەکرێ کەم سەندیکا لە جیهاندا هەیە ئیعتراز نەکات بە کۆماری ئیسلامی، بەڵام گەورەترین گرفتی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاریی نەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکارییە. کرێکارانی ئێرانیش هەستیان بەم نوقسانییە کردووەو لە جەرگەی خەباتێکی دەستەویەخەدان بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیانو هەنگاو بە هەنگاو دەچنە پێشێ.

*** لە یەکساڵی ڕابردوودا جگە لە بزووتنەوەی کرێکاریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک ژنان، مامۆستایان و خوێندکاران جموجۆڵێکی تازەیان دەستپێکردووەو دروشم و داخوازییەکانییان ڕادیکاڵترە، بۆ نموونە خوێندکاران یەکێک لە دروشمەکانیان یان بەربەرییەت یان سۆسیالیزم بووە، هۆکارەکانی دەستپێکردنی ئەم جموجۆڵە ڕادیکاڵە لە ئێراندا چییە؟**

– هۆکەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی حکومەتێکی توتالیتارە، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرو سەرەڕۆ ناتوانێ هەتا هەتایی بێت. دەسەڵات لە ئێران هەوڵ دەدات هەموو شتێک کۆنترۆڵ بکا و تەنانەت لە تایبەتیترین بواری ژیانی کەسەکاندا دەخالەت بکات، بەڵام ئینسانی ئەمڕۆ ناتوانێ ئینسانێکی کۆنترۆڵکراو بێت، خۆ ڕوبۆت نییە. بەڵکو پێویستی بەوە هەیە وەکو تاک و کۆمەڵ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات کەچی لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو ئەمانە قەدەغەیە، ئەوان تا ئێستا بە سەرکووت و زیندانی کردنو ئەشکەنجە خۆیان ڕاگرتووە. بەڵام ناتوانن بۆ هەتا هەتایە بەم شێوەیە دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن. ئێران زیندانێکی گەورەیە بۆ دانیشتووانی. خەڵکیش لە هەوڵی ئەوەدان دەرگای ئەم زیندانە بشکێنن و خۆیان ڕزگارکەن و ئەم وەزعە بگۆڕن.

ئەو بزووتنەوانەش کە باسی دەکەی، خەباتێکی ڕاستەقینەن کە بەشی هەژاری کۆمەڵگەن و زەختێکی ئابووری زۆریان لەسەرە. دەسەڵات لە ئێران بەشێوەی ڕابردوو بۆ دەسەڵاتدارانی ئیسلامی مومکین نییە. زەختی ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی وایکردووە خەڵک نارەزایەتی دەربڕن. بۆچی ڕادیکاڵتر بۆتەوە؟ چونکە خەڵک لە ئێران دەسەڵاتداری مەزهەبییان بینیوەو تازە مەزهەب لە ئێران وەکو بەدیل و ئەڵتەرناتیڤ لە ئارادا نییەو ئەزموونێکی تاقیکراوەی شکستخواردوە. ڕەوتەکانی دیکە وەکو لیبراڵ و سەڵتەنەتخوازەکان، هیچ شتێکییان بۆ کۆمەڵگە پێ نییە، وەڵامیان بۆ داخوازی کرێکاران و ژنان کە خوازیاری یەکسانین چییە؟ کام ڕێکخستن و ڕێکخراویان لە ناوەوەی ئێران هەیە کە خزمەت بە خەڵکی ستەم لێکراو بکات؟ کۆمەڵێک کەسن کە لە ئەوروپا و ئەمریکا دانیشتوونو لە چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە قسە دەکەن. ئەوەی کە دەمێنێتەوە ڕەوتێکی چەپە. ئەوەی لە زانکۆکان دروشمی بۆ درا



حەسەن ڕەحمان پەنا

«سوسیالیسم یان بەربەرییەت» زۆر ڕاست و واقیعییە.

خەڵک یان دەبێ ملکەچی ئەوە بێ مافی سەرکوت و وەحشیگەرییە ببێت یان وەکو بەدیل ڕێگاچارەی شۆڕشگێرانە هەڵبژێرێت. سۆسیالیزم بەدیلی سییاسی و ئابووری و فەرهەنگی هەیە. منیش باوەڕم وایە کۆمەڵگای ئێران ڕادیکاڵتر بووەو بەرەو مەیلی چەپ دەڕوات. بە تایبەت لە ناوەندە کرێکاری و ڕوناکبیرییەکەی. خوێندکاران دەڵێن «کرێکاران، خوێندکاران پەیوەندیتان پیرۆزبێ». ئەوە نیشانی دەدات کە ڕەوتی چەپ لە زانکۆکانی ئێران گرنگی بزوتنەوەی کرێکاری دەرککردوە. سەرەڕای ئەو پڕوپاگەندەیە کە دەکرێ، ئەم بزووتنەوانە هیچ هیوایەکیان بە دەخالەتی هێزێکی دەرەکی نییە. ئەوان کارەساتی ئەمڕۆی عیراق دەبینن، بۆیە نایانەوێ ئێران عیراقیزە بکرێ.

*** ئەو بزووتنەوانە باسکران هەماهەنگییان پێکەوە هەیە؟**

– بەهۆی فەزای سەرکووت و خەفەخان زۆر شت بە شاراوەیی دەکرێ، بەڵام ئاشکرا بوونی چەندین کۆمیتەو پەیوەستبوون پێی‌و پشتیوانی کردنو کردنەوەی سایت و ئەو کۆبونەوانە کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا دەکرێ کە هەر کامەیان چالاک و وتەبێژی خۆیان هەیە، سایتی ژنان و کرێکاران و دانشجویان، یان بڵاوکراوەیان هەیە کە ئێستا لە ناوەوە دەردەچێ. بۆ نموونە کۆمیتەی هەماهەنگی تەنیا کرێکارانی تێدا نییە، بەڵکو هەموو توێژەکان لەوانە خوێندکاران و دکتۆر و ئەندازیاری... تێدایە کە هاوکارییان دەکەن.

بزووتنەوەی کرێکاران، ژنان و خوێندکاران و مامۆستایان زۆر گەشەی کردووە، بەڵام ناوەندێکی بڕیاردەر کە هەماهەنگییان بکات هێشتا دروستنەبووە ئەمە کەلێنێکە کە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتەکەیان ناچار بەو کارەیان دەکا. فەزای ئێران زۆر گۆڕاوە. فەزای نارەزایەتی دەربڕین و دەنگ هەڵبڕین کراوەتەوە. پێشتر جەماڵی چراغ ویسییان بەهۆی وتار خوێندنەوە لە ئەوەڵی مانگی مەی شاری سنە ئیعدام دەکرد و تەنیا چەند ڕێکخراوو حیزب ڕاگەیاندنیان دەردەکرد و مەحکومیان دەکرد، بەڵام ئێستا هەر بە هۆی بەڕێوەبردنی ئەوەڵی مانگی مەی مەحمودی ساڵحی دەگرن، بەڵام بە ملیۆنان خەڵک لەناوەوە و دەرەوە نارەزایەتی دەردەبڕن. (ILO) بە نوێنەرایەتی لە ١٦٥ ملیۆن کرێکار ئیعتراز دەکا بە کۆماری ئیسلامی و دەڵێ کەسێکی ئێمەتان گرتووە. واتە ئەمڕۆ کرێکار خۆی بە جەستەیەکی گشتی‌و یەکگرتووی جیهانی دەزانێ و ئەمە یارمەتی زۆری کردووە. ئەم بزووتنەوانەن کە سەرەنجام کۆماری ئیسلامی بە چۆکدا دێنێ.

*** گرنگترین ئەرکی بزووتنەوەی کرێکاریی و چالاکانی ئەو بوارە لەم سەردەمەدا چییە؟ ئەرکێک کە لە قاڵبی دروشمدا نەمێنێتەوەو پراکتیزە بکرێت؟**

– بەبڕوای من یەکەمین و گرنگترین ئەرکیان ڕێکخرابوونەو شتێکیش کە بتوانێ خەباتی ئەوان بەرەوپێش بەرێت هەر ڕێکخراوبوونە. ئەگەر ڕێکخراویان دروست کرد دەتوانن بەگژی بێکاریدا بچنەوە، بەر بە دەرکردنی کرێکاران بگرن و بەر بە زیندانی کردنیان بگرن و هێز و توانایی خۆیان بخەنە گەڕ. بە وتەی مارکس کرێکار بە تاک دەچەوسێتەوە، بەڵام بە کۆمەڵ ڕزگاری دەبێت و ئەو ڕزگارییە لە هەموو بوارێکدا مانا پەیدا دەکات چ لە ئاستی ڕزگاری گشتی و چ لە ئاستی دەسکەوتی بچووکیش. ئەگەر ڕێکخراوە هەبێت بزووتنەوەکانی دیکەش پێی پەیوەست دەبن. ناوەندێک هەبێت خەباتی ڕۆژانی کرێکاران بەرەوپێشی بەرێت و ڕێنمایی بکات. پێش زەمینەی هەر دەسکەوتێکی کرێکاریی دروست کردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکارییە. سەربەخۆ لە خاوەنکار و دەوڵەت و بتوانێ باقی میللەتەکانی ناو بزوتنەوەی کرێکاری بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر بیروبۆچوونێک کە هەیانبێت لە دەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە.

*** کۆمەڵێک حیزب هەیە خۆیان بە چەپ و نوێنەری چینی کرێکار دەزانن، ئەی گرنگترین ئەرکی ئەم حیزبانە چییە؟ لە هەمانکاتدا بزووتنەوەی کرێکاریی بەرەوپێش ببەن و لەبار نەبرێت؟**

– هاوئاهەنگی و لێکنزیک بونەوەی هێزە چەپەکان لە سەر ئەساسی ستراتیژی هاوبەش دەتوانێ لە شوێنی خۆی دەوری گرینگ ببینێ لە بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی کرێکاری، بەڵام بەبڕوای من شتێک کە دەتوانێ هێزی چەپ لە یەکتر نزیک بکاتەوە خەباتی ڕۆژانەی کرێکارانە کە ئێستا لە ناوەوەی وڵات لە ئارادایە. کێشەی تیۆری و فیکری قەت تەواو نابێت، ڕەوتی وا هەیە کە پێیانوایە ئەوەی ئەوان دەیڵێن دەقاودەق مارکسیزمە، من لەسەر ئەو بڕوایە نیم. پێموایە ئەو چەپەی خۆی بە مارکسیسیت دەزانێ، بە هەموو ئیشکالاتییەوە دەتوانێ هاوکاری هەبێت و بەرەیەکی چەپ هەر ئێستا بۆ دوو مەبەست پێک بێت.

یەک: لە دەوری داخوازییە کرێکاری و جەماوەرییەکان، دوو: ئێستا کە کۆمەڵگەی ئێران سێبەری مەترسی شەڕی لە سەرەو کۆماری ئیسلامی-ش پێی ناخۆش نییە، دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو شەڕ و مەترسییە.

ئەگەر شەڕ هاتە پێشێ چەپ و ڕاست ناناسێت، شاڵاوی شەڕو تەقاندنەوەو تیرۆر هەموو لایەک دەگرێتەوە. عیراقی ئەمڕۆ نمونەی ئاشکرایەتی. بۆیە پێموایە ئەو دوو مەسەلە دوو مەسەلەی گرنگ و بنەڕەتییە. چەپەکان دەتوانن لەم دوو بوارەدا هاوکاری یەکتر بکەن و لە بەرەیەکی هاوبەشدا لە ئاستی کۆمەڵایەتی خۆیان نیشان بدەن.

## ئەو ژنەی چەند نەوەیەکی ڕۆژنامەنووسی کوردی پێگەیاند

ئەڵمانیا: مەهدی پێنجوێنی

زوزانە فیشەری ڕۆژنامەنووس و مامۆستای ڕۆژنامەنووسی لە عیراق وەک ئاشکرایە ئازادی و پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری بەندە بە ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە. ئێمەی کوردو عیراق بەگشتی بێبەش نەبووین لە کەموکوڕییەکانی جیهانی ڕۆژنامەگەری.

سەرباری کاریگەری کولتووری، سیاسی، ئایینی، و نەبونی ئازادی و ئاسەوارەکانی ڕژێمی بەعس و کاریگەری شەڕی ناوخۆ بە هەمان شێوە کەلێنێکی گەورەیان خستۆتە ئەم بوارە پڕ بەهایەوە کە هەروا بە ئاسانی و زوویی بێ هاوکاری دەرەکی پڕ نەبێتەوە.

بۆیە جێی خۆیەتی کە بەوپەڕی سوپاس و پێزانینەوە پشتیوانی و دەستخۆشی لە کەسانێک بکەین کە لەم بوارەدا دەستمان بگرێت و بەردێکمان بۆ بخاتە سەر بەرد.

چونکە خودی ڕۆژنامەگەری ئازاد بناغەو پارێزەری دەوڵەتی عیلمانی و دیموکراسییە. هەر ڕۆژنامەگەری ئازادە کە دەتوانێ ڕەخنە لە دەسەڵات بگرێت و پەردە لەسەر ئەو ڕووە دزێوو ناشارستانییانەی کە دەبنە هۆکاری پێش نەچوون و ئیفلیج کردنی کۆمەڵگە هەڵماڵێ. زۆر گرنگە کە ئێمەی کورد لەم بارودۆخەی ئێستاماندا لە بەهاو کاریگەرییەکانی ڕۆژنامەگەری ئازاد بگەین و وەک چەکێکی نوێی سەردەم بەڕووی دوژمنانی کوردو کورد نەخوازاندا بەکاری بێنین.

جێی ڕێزو پێزانینە کە ئەمڕۆ ئافرەتێکی وەک زوزانە فیشەر لە ئەورووپاوە ڕێی دووری ترس و مان و نەمانی کوردستان و عیراق دەگرێتە بەرو بوێرانە ڕۆژانە دەیان ڕۆژنامەنووسی کوردی و عیراقی بەدنیای ڕۆژنامەگەری ئاشنا دەکات.

کە ئەمەش بۆ خۆی هەوڵێکی باش و کاریگەرییەکی باشیشی دەبێت لە پێشخستنی ڕۆژنامەگەری لای ئێمە. من خۆم وەک ئەوەی لە نزیکەوەو لەڕێی کتێب و نووسین و بڵاوکراوەکانییەوە لەڕۆژنامەو گۆڤارە ئەڵمانییەکاندا دەیناسم بێ بەش نەبووە لە ئەرک و ماندووبوونی گیانی و ڕۆحی و نەهامەتی و چەرمەسەری زۆریشی لەم ڕێیەدا چەشتووە. سەرەڕای دەنگی نارەزایی دۆستانی و خێزانەکەی و داواکردنی دەست بەجێ دەست هەڵگرتن لە عیراق و گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا لەلایەن ئەوانەوە. ئازایانە ئەم داوایە پشت گوێ دەخاو بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی ڕۆژنامەنووسە کوردی و عیراقییەکاندا.

لە پاڵ ئەم ئەرکە پیرۆزەشیدا بە چاوێکی تیژو مرۆڤ دۆستانەوە سەرنج دەداتە گشت بوارە کلتوری، سیاسی، کۆمەڵایەتییەکان.

ئاه و نوزەی ئافرەتانی کوردی و عیراقی بەدەست پیاوانەوە لە کۆمەڵگەی باوکسالاری لای ئێمە پانتاییەکی زۆر لە نووسینەکانی داگیر دەکەن و ئەبنە خەمێکی گەورە بۆی. کە ئەمەش بۆ خۆی لەلایەکەوە جێی خۆشحاڵییە کە خەم و ئازارەکانی ئێمە دەبنە بەشێک لە خەم و ئازارەکانی ئەوێکی بە ئێمە بیانی. هەروەها خەون و کێشەو گرفتەکانی لاوانی کوردی و عیراقیش بێ بەش نەکردووەو خواست و سەرقاڵی و ئاواتەکانییانی وەکو خۆی دەنووسێتەوە.

زوزانە فیشەر لە نووسینەکانیدا پشت بەڕاستی دەبەستێت و هەوڵ دەدات واقیع وەک خۆی بنووسێتەوە. جێی خۆشحاڵییە کە لەلایەک کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی بە بەهەشتی ناوچەکە دەداتە قەڵەم و وە لە هەمان کاتیشدا ڕاستگۆیانە کولتوورو شارستانییەتی لای ئێمەی بە بەراورد لەگەڵ کلتورو شارستانییەتی ڕۆژئاوای بە ساڵانی تیشکی لەیەک دوور دەداتە قەڵەم.

بە کورتی لەگەڵ ئەوەی کە کتێبەکەی لە شێوەی ڕۆژ ژمێرێک بەگشتی لە ژیان و بەسەرهاتەکانی ڕۆژانەی خودی خۆی و گشت ڕووداو و پێشهاتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەدوێ. لە پاڵ ئەمەشدا توێژینەوەیەکی وردو هەڵسەنگاندنێکی زیرەکانەی ئەمڕۆی واقیعی کوردستان و عیراق لەخۆ دەگرێ.

زوزانە فیشەر وەک زۆر لە دۆستەکانی ترمان لە زۆر شوێن و جێگەو ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆو شوێنی تردا وتراوو گفتوگۆو نووسراوی بڵاوکردۆتەوەو هەوڵ دەدات کێشەو گرفتەکانمان وەکو خۆی بە گەلی ئەڵمانی و جیهان ئاشنا بکات.

جێی خۆشحاڵییە کە ئێمەی کورد ئەمڕۆ خاوەنی دۆستی وەک زوزانە فیشەرین و بەهیوای ئەوەی کە دۆست و هاوخەمی وەک ئەو نمونەیان زۆر بێت.

# لە ڕۆژی جیهانیشیاندا کرێکارانی کەرکوک سەرقاڵی کار بوون

کەرکوک :سەعد مەلا عەلی

ڕۆژی جیهانی کرێکاران کە دەکەوێتە یەکەم ڕۆژی مانگی ئایارەوە، لە وڵاتانی دنیادا لەو ڕۆژەدا کرێکاران پشوویەک دەدەنو خەڵاتی ڕێزو ماندووبونیان دەدرێتێ لەبری ڕەنجو هیلاکییان، بەڵام کرێکارانی کوردستان سەرەڕای ئەوەی هیچ لە ئەرکو ماندووبونیان هەڵناسەنگێندرێتو خەڵات ناکرێن بگرە لەو ڕۆژەدا زۆربەیان سەرقاڵی کارکردننو ئەوانەشی کار ناکەن لە خەمی کارو پەیداکردنی بژێویدان.

غەسان محەمەد حسێن هاووڵاتیەکی بە ڕەگەز عەرەبەو ئێستا لە شاری کەرکوک نیشتەجێیە، ئەو شەوانە پاسەوانیی کارگەیەگی بلۆک دەکاتو بە ڕۆژیش لە هەمان کارگەدا کرێکاری دەکات.

ئەوکرێکارە لە ڕۆژی جیهانی کرێکاراندا بەدەم بار هەڵگرتنو سرینی ئارەقەی ناوچەوانییەوە هەناسەی ساردی هەڵدەمژیو دەیوت «ئەمڕۆ خۆشترینو جوانترین ڕۆژە لەلام کە تایبەتە بە ئێمە، دەبوایە پشومان بدایەو لەگەڵ خێزانەکانماندا گەشتمان بکردایە یاخود هیچ نەبێت خواردنێکی خۆشمان پێکەوە بخواردایە، بەڵام کارکردنیش عیبادەتو خەباتە لەم ڕۆژەدا. بۆیە ناچارم لەم ڕۆژەشدا کار بکەم لەپێناوپەیداکردنی بژێویدا».

غەسان ئاماژەی بەو ترسە کرد کە بەردەوام لەدڵیاندایەو ئەوەی خستەڕوو کە زۆربەی کات ژیانی کرێکاران لەمەترسیدایەو تیرۆریستان دەیانکەنە ئامانج، وتیشی «جگە لەوەی ڕەوشەکە ئارام نیە، زۆربەی قوربانیانی کردەوە تیرۆرستیەکان چینی کرێکارە. ئێمە لە ڕووی جەستەییەوە ماندوو دەبینو لە رووی ڕۆحیشەوە بەردەوام لە ترسو دڵە ڕاوکێداین»، ناوبراو گلەیی لەوە هەبوو کە حکومەت مانگانە بداتە ئەوکەسانەی کەم دەرامەتو موچە خۆری میری نین، ئەمەشی بۆ کەمتەرخەمی سەندیکای کرێکاران گێڕایەوەو هێما بۆ ئەوە دەکات کە بارەگای سەندیکاکە نازانێت لە چ جێگەیەکە. هەروەک وتی «کرێکاران چینێکی نزمنو هۆشیاریان ئەوەندە نییە هەڵویستێکی ئەوتۆ بنوێنن بۆ داوکردنی ئەو مافە، جگە لەوەش لەلایەن سەندیکاشەوە کرێکاران پشتگوێ خراون».

موسلیم ئەنوەر، تەمەن ٢٢ ساڵ، بەڕەگەز تورکمانە و دانیشتووی کەرکوکەو پیشەی کرێکارییە ئەو تێڕوانینێکی تری هەیە بۆ ڕۆژی جیانییانو دەڵێت «ئەو ڕۆژە جەژنی منە کە کار بکەم، یەکی ئایار- یش کارم بۆ بڕەخسێت کاردەکەم، چونکە ئێستا ئیشو کار لە شارەکەدا کەمەو هیواخوازین ڕۆژانە کارمان هەبێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕۆژەکان جیاوازیان نەبێت لەلامانو تەنها بیر لەوە بکەینەوە کار بکەینو بژێوی پەیدا بکەین».

موسلیم دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییەو خەو بە دامەزراندن دەبینێت لە ناو فەرمانگەیەکدا، بۆئەوەی چیتر ئەو ڕەنجە قورسە نەکێشێتو ئاماژە بە کەمتەرخەمی حکومەت دەکاتو وتی «دەکرا وەزارەتی پیشەسازی کەڵکی لێ وەربگرتمایە تا منیش لەژێر ئەم ئەرکە قورسە رزگارم بوایە».

سیروان سەعید، کاری نانەوایی دەکات ئەوە ڕەتدەکاتەوە جەژنێکی راستەقینە هەبێت ناوی جەژنی کرێکاران بێتو دەڵێ «جەژن ئەو ڕۆژەیە بێ ترس گەشتو سەیران بکەم، نەک پشو بدەمو چەند ماڵێک بێ نان بکەمو لە سوچی ماڵەوەمان دابنیشم»، ئەو نانەوایە رەخنەی لە سەندیکای کرێکاران دەگرتو پێیوایە؛ ئەوانیش کە بەرگری لە چینی کرێکار دەکەن بەچاوێکی ڕێزەوە لێیان ناڕوانن‌و وتی «پێش پرۆسەی روخانی رژێمی بەعس لە شارەکانی تری کوردستان کارم دەکرد سەندیکا ساڵانە جارێک سەردانی نانەوا خانەکەمانی دەکرد، بەڵام چەند ساڵێکە هاتومەتەوە کەرکوک تا ئێستا کارمەندێکی سەندیکام بە چاوی خۆم نەبینیوە ئیتر چۆن داکۆکی لە مافەکانمان دەکات، چۆن پێیبڵێم ئەوە گازەندەو داواکاریمە؟».



چەند کرێکارێک لە کاتی کارکردندا